# بۆنی نەوت

زاهیر باهیر- لەندەن

بەشی دووەم

خوێن و نەوت (Blood and Oil)
نووسینی: مایکڵ کلەیر Michael Klare
لە بڵاوەکراوەکانی : Penguin Group
چاپی یەکەم، ئەمریکا، 2004

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم هەردوو سەرۆکەکەی ئەمەریکا، هەری تروومان(Harry Truman) و ئایزنهاوەر(Eisenhower) گەیشتنە ئەو بڕوایەی، کە دەبێت زۆر بە جیددی بیر لە نەوت و دابینکردنی نەوت بکەنەوە، ئەویش لە کەنداوی عەرەبی/ فارسیدا بۆیە هەردووکیان سەبارەت بە نەوت سیاسەتیان خۆیان داڕشت.

ئەگەرچی ئەم سیاسەتە لە سەرەتادا جێگەی سەرسووڕمان بوو، بەڵام لە ساڵانی دواییدا ئەو گومانە نەما، لەبەر ئەوەی"بەشداریکردنی هێنانی نەوت لە دەرەوە لە سەرجەمی نەوتی سەرفکراوی ئەمەریکا لە سالی 1973 دا چووە سەرووی 30% و لە ساڵی 1976 ئەم ڕێژەیە گەیشتە 40% و دواتریش لە ساڵی 1977 دا بەرز بووەوە بۆ ڕێژەی 45%. سەرئەنجام لە ساڵی 1990دا بەرز بووەوە بۆ 49% ". ل13

پرسی پاشکۆیی ئەمەریکا لە ڕووی نەوتەوە بە دەرەوە، یا بە وشەیەکی تر بڕواهینان بە هێنانی نەوت لە دەرەوە لە لایەنی "جۆرج بووش"ی کوڕیشەوە وەک باوک هەستی پێ کراوە و زانیویەتی کە ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەیە لە سەر ئاساییشی نەتەوەیی، بۆیە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە وتی؛"ئەم کارگێڕییە زۆر گرنگی بە وزە و قەیرانی وزە دەدات"، بەڵێنیشی دا، کە کاری بۆ بکات. لە مانگی ئایاری 2001 دا وتی:"ئەگەر کاری بۆ نەکەین و ڕێگە بدەین وڵاتەکەمان پشتبەستوو بێت بە هێنانی نەوت لە دەرەوە، ئاساییشی نەتەوەییمان لە ڕووی وزەوە دەخاتە دەستی نەتەوە بیانییەکانەوە، کە هەندێکیشیان دڵیان بە بەرژەوەندەکانی ئێمە ناسووتێ". زەنگی مەترسی قسەکەی بووش لە ساڵی 2004 دا لێیدا. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وزە، کە لە کارگێڕی وزەوە دەرچوو هاتبوو :"لە ئەمەریکادا بەکاربردنی نەوت لە ڕۆژێکدا لە 19.7 میلیۆن بەرمیلەوە لە ساڵی 2001 دا، دەگاتە 28.03 میلیۆن بەرمیل لە ساڵی 2025، کە ئەم زیادبوونەیش بە ڕێژەی 44% دەکات. ئەمە لە کاتێکدا دەرهێنانی نەوتی خاو خۆی چاوەڕوان دەکرێت لە 5.7 میلیۆن بەرمیلەوە ڕۆژانە دابەزێت بۆ 4.6 میلیۆن بەرمیل، ئەگەرچی ئەم دابەزینە دەتوانرێت بە ڕادەیەکی کەم  بە بەرهەمهێنانی نەوتی شل لە گازی سروشتی پڕبکرێتەوە، بەڵام کەلێنی نێوان بەکاربردنی نەوت، ئەو کەلێنەی کە تەنیا بە هێنانی نەوت پڕ دەکرێتەوە، بەردەوام دەبێت و فراوانتر دەبێت بە درێژایی ئەم ماوەیە" ل16، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە تەماشای ئەم خشتەیەی خوارەوە بکە:

**خشتەکی ژمارە 2 ل17**

**نەوتی خۆماڵی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەکاربراو و هاوردەی نەوت لەنێوانی 2001-2025 (بە ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا)**

| پۆل | بەروار | خەملاندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2001 | 2005 | 2010 | 2015 | 2020 | 2025 |
| دەرهێنانی نەوتی خام لە U.S | 5.74 | 5.58 | 5.93 | 5.53 | 4.95 | 4.61 |
| بەشداری بە نەوتی تری ناوخۆیی | 3.12 | 3.40 | 3.59 | 3.72 | 3.94 | 3.99 |
| سەرجەمی نەوتی ئامادەکراوی ناوخۆیی US | 8.86 | 8.98 | 9.52 | 9.25 | 8.89 | 8.60 |
| سەرجەمی نەوتی بەکارهێنراوی | 19.71 | 20.48 | 22.71 | 24.80 | 26.41 | 28.30 |
| خەملێنراوی نەوتی هاوردە | 10.85 | 11.50 | 13.19 | 15.55 | 17.52 | 19.70 |
| ڕێژەی هاوردە بەپێی سەرجەمی بەکارهێنانی | 55.0 | 56.2 | 58.1 | 62.7 | 66.3 | 69.6 |

ئەمەریکاییەکان لە بەکاربردنی نەوتدا بەشی گەورەی نەوتیان بۆ ئامرازەکانی گواستنەوە دەڕوات، کە ئۆتۆمبیلی گەورە بەکار دەهێنن و ڕێگەی دوورودرێژیش دەبڕن. بە پێی ئاماری فەرمی لە ساڵی 2001 دا ڕۆژانە 13.5 میلیۆن بەرمیل نەوت بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێنراوە. بەم پێیەش لە ساڵی 2025دا، ئەمە بەرز دەبێتەوە بۆ 20.7 میلیۆن بەرمیل. وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینی ولآتانی کەنداو: سعوودییە، عیراق، میرنشینە یەکگرتووەکان، کووەیت، ئێران و قەتەر بە هەموویان 674 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکیان هەیە، کە ئەمەش بە ڕێژەی 64% یەدەکی نەوتی هەموو جیهانە، لە کاتێکدا بە کۆی ڤەنزوێلا، نایجیریا و مەکسیکۆ 114 ملیار بەرمیلیان هەیە، کە ئەمەش 11% یەدەکی نەوتی جیهانییە. ڕووسیا و ولآتانی سەر زەریای قەزوین 77 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکیان هەیە، کە 7% ی یەدەکی نەوتی جیهانییە. بەم پێیەش تەنیا 18% یەدەکی نەوتی بۆ ولآتانی دیکەی جیهان بەجێدەمێنیت، کە لە ناو ئەوانەدا ئەمەریکا و هاوپەیمانە ئەوروپاییەکانیەتی. ل18 و 20 ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە 3 ل 19

نەوتی یەدەکی وڵاتانی سەرەکی بەرهەمهێنەری نەوت لە کۆتایی ساڵی 2002 دا

| وڵاتانی سەراکی بەرهەمهێن | نەوتی سەلمێنراوی یەدەک بە ملیار بەرمیل | ڕێژەی سەدی لە بەرامبەر سەرجەمی نەوتی جیهان |
|---|---|---|
| سعودیە | 26.18 | 25.0 |
| عیراق | 112.5 | 10.7 |
| میرننشینە یەکگرتووەکانی ئیمارات | 97.8 | 9.3 |
| کوێت | 96.5 | 9.2 |
| ئێران | 89.7 | 8.6 |
| ڤەنزوێلا | 77.8 | 7.4 |
| ڕوسیا و وڵاتانی سەر دەریای قەزوین | 77.1 | 7.4 |
| ئەمەریکا | 30.4 | 2.9 |
| لیبیا | 29.5 | 2.8 |
| نایچیریا | 24.0 | 2.3 |
| چین | 18.3 | 1.7 |
| دەریای سەروو: بەریتانیا ، نەرویج ، دانیمارك | 16.3 | 1.6 |
| قەتەر | 15.2 | 1.5 |
| مەکسیکۆ | 12.6 | 1.2 |
| ئەوانی تر | 90.2 | 8.6 |
| سەرجەمی جیهانی | 1047.7 | 100.0 |

کلەیر کۆتایی بە بەشێکی کتێبەکەی بەوە دەهێنێت و دەڵێ:" سەرفکردنی نەوت لە لایەن نەتەوە گەشەسەندووەکانی ئاسیاوە بە پێی کارگێڕی وزە لە 25 ساڵی داهاتوودا دووئەوەندە دەبێتەوە، کە لە 15 میلیۆ ن بەرمیلەوە باز دەدات بۆ 32 میلیۆن لە ڕۆژێکدا. هەر چین بە تەنیا لە 5.0 میلیۆن بەرمیلەوە دەچێتە 12.8 میلیۆن بەرمیل، لە کاتێکدا هیند لە 2.1 میلیۆن بەرمیلەوە باز دەدات بۆ 5.3 میلیۆن" ل23. هەر لەو لاپەڕەیەدا کلەیر دەڵێ:"بە کورتی چوار خاڵی بایەخدار لە چارەنووسی هەڵسوکەوتی ئەمەریکادا سەبارەت بە وزە دەور دەبینن: زیادبوونی پیداویستی نەوت و هێنانی نەوت لە دەرەوە، وەرچەرخان و رووکردن بەرەو وڵاتانی دیکەی دەرهێنەری نەوت، وڵاتانێک کە دۆست نین، ناسەقامگیرن کە لە خەتەرترین بەشی ئەم جیهانەدان، ئەمەش دەکاتە خۆدانەدەست مەترسییەکی گەورەی دژە ئەمەریکا، یا شەڕوشۆڕی نێوان خەڵکەکەی و بەیەکدادانیان. زیادبوونی ڕکابەری بۆ ماوەیەک کە سەلمێنراوە هەمیشە لە کەمبوونەوە و

نەماندایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەسەلەی پاشکۆبوونی بە ئاشکرا لە زیادبووندایە و مەترسییەکی جیددیشە"ل 33.

کلەیر لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا زیاتر دۆستایەتی ئەمەریکا لەگەڵ سعوودییە ڕوون دەکاتەوە، کە دۆستایەتییەکەیان لە سەر بناخەی نەوتە و ئەویش بە نرخیکی هەرزان و بە دابینکردنی ئەوەیش ئەگەر ڕێکخراوی ئۆپیک نرخی نەوت بەرز کاتەوە، سعوودییە دەبێ دژایەتی بکات و ئەو بریارە بشکێنێت. 18% نەوتی هێنراوی ئەمەریکا لە ساڵی 2003 دا لە سعوودییە بووە. لە کاتی قەیرانەکاندا ئەم ڕێژەیە بەرز و نزم دەبێتەوە، بەڵام سعوودییە بە دەوری خۆی ڕێژەی دەرهێنانی نەوت زیاد دەکات.

کلەیر وای بۆ دەچێت لە دانانی پلانی دژەفڕین(No fly zone) دوای دەرپەڕاندنی عیراق لە کووەیت، تەنیا بۆ پاراستنی کووەیت و سعوودییە بووە، واتە: بۆ پاراستنی نەوت بووە بە دەرهێنان و پاککردنەوەی لوولەکانی گواستنەوەی.

ڕووکردنە سعوودییە لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ نەوت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1933، کە دەستیکرد بە گەڕان بە دوای نەوتدا لەو گوتوبێژەی کە لە سەر نەوت لە لایەن کۆمپانیای ( Standard Oil SOCAL /)Company of California لەگەڵ سعوودییەدا کرا. سعوودییە بۆ ماوەی 60 ساڵ دەستبەرداری پشکنین و گەڕان بەدوای نەوت و دەرهێنانیدا لە ناوچەی ئەلحەساء، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سعوودییەوە بوو. بەم جۆرە SOCAL بووە تاکە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی کە کۆنترۆڵی زۆربەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد.

لەم ڕێککەوتنەدا" SOCAL لە پاداشتی ئەوەدا بە بەهای 35 هەزار پاوەندی ستێرلینی زێڕی دا بە شای ئەو کاتەی سعوودییە، کە عەبدولعەزیز کوری سعوود بوو و کە لە ڕۆژاوا بە ئیبن سعوود ناسراوە، هەروەها بەڵێنی دا کە لە داهاتوویشدا قەرز بە دامودەسگای "شا"یەتی بدات. دوایی دەرکەوت، کە ئەو بڕە پارەیەی سەرەوە زۆر کەم بووە لەچاو ئەوەی ئەلحەساء، کە دەرکەوت ئەلحەساء گەورەترین کانی یەدەکی نەوتی جیهانییە. هەروەها SOCAL ڕازی بوو بە بیناکردنەوەی کێڵگە و بیرەنەوتەکان تاکو پێشکەوتر بێت"ل 31. بەم شێوەیە SOCAL لە ساڵی 1938 دا دەستی بە دەرهێنانی نەوت کرد و ساڵی دواتریش دەستی بە بازرگانی پێوەکردنی کرد تا وای لێهات لە نێوان ساڵانی 1941-1945دا ئەم کۆمپانیایە لەوێ 42.5 میلیۆن بەرمیل نەوتی دەرهێنا، کە بە ڕێژەی سەدی کەمترە لە 1%ی ئەو نەوتەی لە بیرەکانی ئەمەریکا دەرهێنراوە.

سەرۆک ڕۆزفێڵت لەو بڕوایەدا بووە، کە پارێزگاریکردن لە نەوتی سعوودییە بۆ نەتەوەی ئەمەریکی بە هەر نرخێ بێت، کارێکی پێویستە، بۆیە لە 16-2-1943دا وتی:"بەرگریکردن لە سعوودییە بناخەی بەرگریکردنە لە ئەمەریکا". ئەگەر تەماشای ئەم دوو سێ دێڕەی خوارەوە بکەیت تێدەگەیت، کە قسەکەی ڕۆزفێڵت چەند بایەخی هەبووە. سعوودییە لە ساڵی 1946دا 60 میلیۆن بەرمیلی دەردەهێنا. ئەمەریکایش لەو کاتەدا 1.8 ملیار بەرمیلی دەردەهێنا، بەڵام سعوودییە لە ساڵی 1976دا گەیاندییە 3.1 ملیار بەرمیل، واتە: 52 جار پتر لە ساڵی 1946. بەم جۆرە سعوودییە لە ساڵی 1976دا بووە سێیەم وڵات لە دوای ئەمەریکا و ڕووسیا لە دەرهێنانی نەوتدا.

گەرچی لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەمەریکا و ڕووسیا لێدوانی توندوتیژ و گرژبوونەوەیان لە یەکدی هەبوو لە سەر ئێران و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، کەچی سعوودییە لەساڵی 1946دا ڕێگەی بە ئەمەریکا دا، کە زەهران(ظهران) بنکەی سەربازیی ئەوانی تێدا بێت. لە ساڵی 1949دا جاریکیتر وتووێژ لە نێوان ئەمەریکا و سعوودییەدا دەستپێکردەوە تاکو درێژە بەو گرێبەستە بدرێت. وتووێژەکە لە 18-6-1951دا کۆتایی پێ هات. مەرجی سعوودییە ئەوە بوو، کە ئەمەریکا لەشکرەکەی نوێ بکاتەوە. ئەمەریکاییەکان لە هەموو هەنگاونانێکیاندا هەمیشە پرسی نەوتیان لەبیر بووە، کە تا چەندێک بەرژەوەندی ئەمەریکا لە برەو یا لە کەمییدا دەبێ. بۆ نموونە لە هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فرانسە و ئیسرائیل بۆ سەر مسری ناسر، سەرۆک ئایزن هاوەر، ئەگەرچی ڕقێکی زۆری لە جەمال عەبدوناسر هەبوو، پشتگری نەکردن، بگرە سەرزەنشتیشی کردن. هۆی پشتیوانینەکردنیشیان ئەوە بوو، کە ئایزن هاوەر لەوە دەترسا ئەو هێرشە گڕی ئاگری بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب خۆشتر بکات و گڕەکەیش سعوودییە بگرێتەوە.

لە سەردەمی جەنگی نێوخۆیی یەمەندا لە ساڵانی 1962-1970، کە سنووری سعوودییە کەوتە مەترسییەوە کارگێڕی "کەنەدی"ی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا، هێزی سەربازی و فڕۆکەی جەنگی ناردە سعوودییە. ئەمەریکا بە بەردەوامی درێغی نەکردووە لە یارمەتیدانی سعوودییە و ئێران بە دانی فڕۆکەی فانتۆم و کەرەسەکانی تری جەنگ و تەقەمەنی و نوێکردنەوەی لەشکرەکەیان لەگەڵ ناردنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕاوێژکاری سەربازی و تەکنیککار، کە ئەم دوو وڵاتە کەمیان هەبوو، بۆیە ئەمەریکا هەزارانی بۆ هەردووولایان نارد. ژمارەی ئەو ئەمەریکاییانەی، کە لە ساڵی 1977دا لە سعوودییە کاریان دەکرد 6250 کەس بوون و لە ئێرانیش 4140 کەس بوون. ئەمە ژمارەی خۆیانە نەک ماڵ و منداڵیان. شای ئێرانیش لە 1970کاندا 14 ملیار دۆلاری لە لەشکرەکەیدا، بە یارمەتیدانی سوڵتان (قابووس)ی عەدەن لە سەرکوتکردنی بزووتنەوە مارکسی- لێنینییەکەی زەفاردا، سەرف کردووە. پێوەندی ئەمەریکا لەگەڵ سعوودییەدا گەلێک گەرم و بەهێز بوو و یارمەتییەکی زۆریشی دەدا، کەچی لەم دواییەدا دەرکەوت، کە ئەمەریکا لە ساڵی 1973دا بڕیاری دابوو، کە ئەگەر بڕینی نەوت درێژە بکێشێت ئەوا ئەم بیرە نەوتەکانی سعوودییە داگیر دەکات.

لیرەدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لە سەدەی ڕابوردوودا ئەمەریکا دووجار کەوتووەتە مەترسییەوە، یا بە لایەنی کەمەوە دڵەتەپێی پێ کەوتووە: یەکەمیان، کە سەفارەتەکەیان لە ئێران دەستی بەسەردا گیرا و دووەمیشیان، داگیرکردنی ئەفغانستان بوو لە لایەن ڕووسیاوە.

ئەو کاتەی شا ڕووخا، سەرۆک ڕێگن چەند جارێک ئەوەی دووپات کردەوە، کە بە هەموو شێوەیەک ئامادەن بەرگری لە سعوودییە بکەن نەوەکا خومەینییەکان ئەویش بە دەردی ئێران بەرن. ڕێگن لە ڕۆژی 1-10-1981دا بە ڕۆژنامەوان و ڕاپۆرتەکانی گوت:"ئەمەریکا هەرگیز ڕێگە نادات و شتی وا ڕووبدات بەبەرچاوی ئێمەوە دەست بەسەر سعوودییەدا بگیری و نەوتەکەی بگیرێتەوە". کە عیراقیش کووەیتی داگیرکرد، دیک چێنی، کە لە ساڵی 1990دا وەزیری بەرگری بوو، پێشبینی ئەوەی کرد، کە: "سەددام حوسەین لە پایەیەکدا دەبێت، سیاسەتی وزەی لەسەر ئاستی جیهانی بەدەستەوە بێت و ئەمەش ئەو پایە و پلەیەی پێ دەدات، کە ئابووریمان بخنکێنێت"ل50. ئەمە بوو بە ڕاستییەک و وەک داکۆکییەکەی ئەمەریکا لە سعوودییە هەر ئەمەیش وای لێ کرد بە

پەرۆش و بێ چاوەڕوێکردن، لە ماوەیەکی کورتدا لەشکرێکی زۆر بگەیەنێتە سعوودییە و سەربازگەی تازە دروست بکات. دوای بەرانبەرگرتنی لە لەشکری عیراق ئەوجا کارگێڕی ئەمەریکا شێوەی قسەکانی گۆڕی و بیانووی تازەی وەک، ڕزگارکردنی کووەیت و وێرانکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و گەمارۆی ئابووری لە سەر عیراق بەهێزتر بکات، پەیدا بوون.

هەر لەو کاتەیشدا وتووێژ لە سەر مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی کەرەسەی چەکەمەنی سەربازی دەکرا. لە نێوان سالآنی 1991-1999دا، پێنتاگۆن بایی 40 ملیار دۆلار چەکەمەنی جیاجیای بە سعوودییە فرۆشتووە. ئەم ژمارەیە چوار جار لەوەی کە بە مسر و تایوان بە هەردووکیانەوە و لەیەک کاتدا فرۆشراوە، زیاترە. (درێژەی هەیە)